www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 28-3-2006 14:25

## کێ ئێوە بە دادگا دەگەیەنێ؟ ... هاوژین سەعید

کارەساتی هەڵەبجە رویداو لە 16 /3 دا مۆنمێنتی هەڵبجە سوتێنرا، گەرچی ئەمە مایەی ناخۆشحاڵی ئێمەیە، بەڵام ئەوەندەی تر بەو دکتاتۆریەتە داپۆشراوە نارەحەت دەبین کە بە ناوی دیموکراسیەتەوە بە ئێمەی دەفرۆشن، خۆپیشاندانی هەڵەبجە کە ئەنجامی پەنگخواردنی چەندساڵەی هەڵەبجەیە بە هاتنی گەورەپیاوان بۆ مەملەکەتە وێرانەکەیان، ئەوان لەم رۆژەدا پییان وتن بەسە ئیتر بەناوی ئێمەوە لەسەر گیانی قوربانیەکانی ئێمە گەورەمەبن، ئەوەی کە روویدا جگە لە نەزانینی هەڵسوکەوتی دەزگای ئاسایش لەبەرامبەر خۆپیشاندەراندا چیتر نەبوو، رەوشتی کۆمەڵی کە لەو کاتانەدا زاڵ دەبێت و عەقلێکی جەماعی پێك دێت بە ئاسانترین شێوە دەوروژێنرێت، هەربۆیە بە بەرپەرچی ئاسایش ئەم کارەساتە روویدا.
ئێستاش دەزگاکانی ئاسایش بەردەوامن لە گرتنی گەنجان و راوەدوونانیان و بە دادگا گەیاندنیان بە یاساکانی بەعس.
بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە، ئێوە (یەکێتی و پارتی و بزوتنەوەی ئیسلامی) کە بۆ ماوەی چەند ساڵ شەرەف و کەرامەتی پێنج هەزار شەهیدتان کرد بە قوربانی شەرە خوێناویەکانی شەڕی ناوخۆتان، کێ ئێوە بە دادگا دەگەیەنی، کێ ئێوە لەسەر خیانەتەکانتان و هێنانی هێزی بێگانە بۆ ئەم وڵاتە بریندارە بە دادگا دەگەیەنی وا ئێستا بەربوونەتە گیانی هەڵەبجەیەکان و داوای لە سێدارە دانیان دەکەن، ئێوە قەڵاو منارەی هەولێرتان بریندار کرد، چەندان بینایەی گەورەو شوێنی حکومیتان بە ناوی یەکێتی و پارتیەوە وێران کرد، لە سەر ژیانی ئەم خەڵکە بوونە ملیاردێر. دەسەڵاتی کۆنترۆڵکارانەی ئێوە وای کردووە کەس ناتوانێت قسەیەکی هەق بکات پێی دەڵێن دەستت لەپشتەوەیە، دەستەکەش یان یەکێتیە لای پارتی یان پارتیە لای یەکێتی، ئەم رەفتارەی کە دەسەڵاتی کوردی دەیکات جگە لە دکتاتۆریەت هیچی تر نیە. دەسەڵاتی کوردی یان نایەوی باسی بکات یان ئاگای لێنیە، کە چۆن ئەوان بونەتە هۆی بریندارکردنی ئەم وڵاتەو چەندان جار لەشەڕی ناوخۆدا شوێنی حوکومی و شوێنەواریان وێران کردووە"قەڵای هەولێر شاهدە". لەسەر ئەم شتانەتان کێ بتان داتە دادگا. کامە دادگای عادل هەیە لەم وڵاتەدا تا هەزاران دایك داواتان لەسەر تۆمار کەن کە جگەرگۆشەکانیان کوژرا یان ونکرا لەشەڕە خوێناویەکانتان، ئێستە ئێوە بە ناوی داگای عادلانەوە خەڵکی دەدەنە دادگا، بەڵام ئەنفالچیەکان و هەڵەبجە کوژەکان هەر دەسورێنەوە، ئێوە ئەو هەموو داوایەی کەسو کاری ئەنفالتان ونکرد کە لەسەر ئەنفالچیەکان تۆماریان کردبوو، کێ شێخ جەعفەری رزگار کرد، کێ بوو پاکانەی بۆ نزارخەزرەجی ئەنفاڵچی کرد تا لە دادگاکانی ئەوروپا رزگاری بوو، کێبوو مستەشارەکانی کردەوە بە شۆرشگێری ئەم وڵاتە، ئەوە ئێوەن وا لەم میللەتە دەکەن و، ئەوە میللەتیشە هەموو جاری بۆ خاتری کوردبوونتان دەنگتان دەداتێ، ئەوە ئێوەن ناتوانن دوای پانزە ساڵ واز لە گەندەڵیەکانتان بێنن و ئەوە خەڵکە هۆشیار بۆتەوەو دەیەوی پێتان بلێن راوەستن، خۆ هەر هەڵەبجە خۆپیشاندانی نەکرد، رانیە لەسەرچی بو، کەلار بۆ راپەری، ئاکری بۆ هەڵسا، هەموو ئەمانە شایەدی ئەوەن کە دەسەڵاتی ئێوە گەندەڵەو بە خۆچاکردنتان و بە ئاشنا بونەوەتان لەگەڵ خەڵکدا دەتوانن ئەو کێشانە چارەسەر کەن و ئیتر پێویستیتان بە لە سێدارەدانی کەس نیە، بە ناوی سەروەری یاساوە؟!!
گەر سەروەری یاساش لەم وڵاتەدا هەبێت ئەوا دەبێت ئێوە دادگایی بکرێت.